# میرات لە ئیسلامدا
# پێناسەکەی، مەرجەکانی، بەربەست و رێگرەکانی

﴿ الميراث في الإسلام (تعريفه، شروطه، موانعه) ﴾

[ kurdish – کوردی – كردي ]

عەبدولسەلام پشدەری

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ الميراث في الإسلام (تعريفه، شروطه، موانعه) ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# میرات لە ئیسلامدا
# پێناسەکەی، مەرجەکانی، بەربەست و ڕێگرەکانی

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرودی نەپراوەش بۆسەرگیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێن کەوتوانی هەتایە:

**یەکەم: پێناسەکەی:**

دابەشکردنی میرات کە لە زارەوەی فیقهی ئیسلامیدا بە (الفرائض) ناسراوە ماناکەی لە زمانی عەرەبیدا بەواتای : ئەندازە دیاریکراوەکان دێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً) {البقرە:٢٣٧} واتە: نیوەی ئەو ئەندازەیەی دیاری کردووە.

وەلەشەرعیشدا: بەو بەشە دەوترێت کە بۆ (میراتگر) دانراوە.

وە میرات: بە هەموو ئەو شتانە دەوترێت لەمردوو بەجێ دەمێنێت لەماڵ و سامان، پارەو پول بێت یان زەوی و زار و هەرشتێکی تر نرخی هەبێ و حەڵاڵی بێت.

**دووەم: حیکمەتی دانانی میرات:**

دانانی میرات و دابەشکردنی لەنێوان میراتگرەکاندا چەندین حیکمەتی ڕوونی تێدایە لەوانە:

١) ڕازی کردنی سروشتی مرۆڤ، خوای گەورە مرۆڤی وادروست کردووە منداڵی خۆی خۆش دەوێت بە درێژە پێدەری خۆی دەزانێت، بۆیە لەپێناویدا خۆی ماندودەکات و هەوڵ دەدات بۆ منداڵەکانی پاش مردنی بەختەوەربن ببنە میراتگری ئەوەی باوکیان بۆ بەجێ هێشتوون، جا ئەگەر یاسای میرات نەبوایە مرۆڤ هەوڵی کارکردنی نەدەدا و

ئومێدی بەداهاتووی منداڵەکانی نەدەبوو، وە هەوڵ کۆششی بەفیرۆ دەروات، لەوانەیە خەڵکانێکی تر بەری رەنجی بخۆن.

خوای گەورە دەفەرمووێت:( الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا .....) {الكهف: ٤٦}
واتە: سامان و منداڵ جوانی و رازاوەیی ژیانی دونیان، وە دەفەرمووێت:( زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ ) {آل عمران: ١٤} واتە: ئارەزووی ئافرەت و بوونی نەوەی نێرینە و خاوەنێتی ئاڵتون و زێرو زیووی زۆرو زەبەندە و ئەسپی چاك و ڕەسەن و (هۆكاری هاتووچۆ) هەروەها ماڵات و زەوی و زاری کشتوکاڵ بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە،

٢) هاوکاری و بەتەنگ یەکەوەبوون لەنێوان ئەندامانی خێزاندا، بەبۆنەی ئەو ماڵ وسامانەی لەرێگەی کەلەپورەوە دەیانگاتێ، کەبێگومان بەرژەوەندیەکی گەورەی تێدایە.

٣) بەردەوام بوونی پەیوەندی خزمایەتی دوامردنی میرات لێبراوەکە، ئەوەش بەهۆی بەشداربوونی خزم و نزیکانی وەك براو خوشك و منداڵ، لەو ماڵەی کە لە مردووەکە بەجێ ماوە.

### سێهەم: کارکردن بەیاسای میرات و کەلەپور دابەش کردن واجبە:

دابەش کردنی میرات بەسەر میراتگرەکاندا واجبە بەبەڵگەی قورئان و سوننەت و یەك دەنگی زانایانی ئیسلام، دەبێ جێبەجێ بکریت بەو شێوەی کەباس کراوە بەبێ دەست کاری و هیچ زیادوکەم لێ کردنێك، خوای گەورە دەفەرمووێت: ( وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا ) { الأحزاب: ٣٦} واتە: بۆ هیچ پیاو و ئافرەتێکی باوەردار نیە کاتێك خواو پێغەمبەرەکەی بریاری هەرکارێکیان دا، سەرپشك بن لەکارەکەیاندا، وە هەرکەس سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ئەوە بەراستی گومرا بووە بەگومرابوونێکی ئاشکرا، وە خوای گەورە دەفەرمووێت:( وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ) {النساء: ١٤} واتە: هەرکەس سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکات و سنوورەکانی خوابشکێنێنێت دەیخاتە ئاگرێکەوە کەهەمیشەیی دەبێت تێیدا و سزای ریسواکەری بۆ هەیە.

### چوارەم: ئەو مافانەی پەیوەندن بەمیراتەوە:

پێنج شت پەیوەندی بەمیراتەوە هەیە کە بەم ریزبەندییەی خوارەوەیە:

١ / کەل و پەلی قەرزکراو پێش مردن:

وەك رەهن، ئەگەر شتێکی لەرەهندا داناو تەنها ئەو شتەشی لێ بەجێ مابوو لەوکاتەدا دانەوەی قەرزی ئەو کەسەی مردوەکە رەهنی لاداناوە پێشترە لەخاوەن قەرزەکانی تر، هەروەها ئەگەر مردووەکە شتێکی کریبێت بەقەرز هێشتا شتەکەی وەرنەگرتبوو مرد ئەوە فرۆشیارەکە لەهەموو شتێکی تر لەپێشترە کەقەرزەکەی بدرێتەوە هەتا پێش پارەی کفن و ناشتنی دەکەوێت.

٢/ خەرجی کفن و شۆردن و ناشتنی مردووەکە:

ئەم خەرجیانە ئەگەر کەسوکاری نەیانخستە سەرخۆیان دەبێت لەماڵی خۆی بکرێت ئەمە پێشترە لەجێبەجێکردنی وەسیەت و بەشی میراتگران چونکە ئەمە پێویستە و زەرورە وەکو رێزنان لەمردووەکەو بەخاك سپاردنی.

٣/ ئەو قەرزانەی لەگەردنی مردووەکەدایە:

پاش خەرجی بەخاك سپاردنی دانەوەی قەرزەکانی دێت کەلە گەردنیدایە ئەم قەرزدانەوە پێش دەخرێت لەوەسیەت و بەشی میراتگران، جا ئەو قەرزانە قەرزی خوابن وەك زەکات و نەزر و کەفارەت یان قەرزی خەڵك بن وەك قەرزی دەستی و شتی لەو بابەتە لەنێوان قەرزی خواو قەرزی خەڵکدا قەرزی خوا پێشدەخرێت.

٤ / وەسیەتکردن:

ئەگەر مردووەکە وەسیەتی کردبێت بەمەرجێك لەسێ یەکی ماڵەکەی زیاتر نەبێت لەپاش دانەوەی قەرز جێبەجێ دەکرێت لەبەشی میراتگران پێش دەخرێت.

٥/ بەشی میراتگران:

ئەم بەشە لەکۆتایی مافەکانی میرات دا دێت، دابەش دەکرێت بەسەر میراتگراندا هەرکەسە و بەپێی ئەو بەشەی کە بۆی دیاری کراوە لە قورئانی پیرۆز سوننەتی پێغەمبەری خوادا ( صلى الله عليه وسلم ).

**پێنجەم: مەرجەکانی میرات بردن لەمردوو:**

أ ) مردنی میرات لێ براو بەدڵنیاییەوە یا لەریزی مردوواندا دانرێت وەك گوم بوون کەقازی بریاری مردنی بدات.

ب) لەژیاندا بوونی میراتگر پاش میرات لێ براوەکەی باساتێکی کەمیش بێت.

ج ـ پەیوەندی میرات گر بە مردووەکەوە زانراو و دیاربێت: خزمایەتیەو ژن و مێردایەتیە.

د ) ئەبێت ڕێگرێك لەڕێگرەكانی میرات نەبێت كەدواتر باسیان دەكەین.

شەشەم: هۆیەكانی میرات:

أ) نەسەب و خزمایەتی: خوای گەورە دەفەرموویت:( وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ .... ) { الأنفال: ٧٥} واتە: ئەوانەی پەیوەندی خزمایەتیان هەیە هەندێكیان شایستەترن -لەمیرات بردندا- بەهەندێكی تریان لە قورئانی پیرۆزدا .

ب ) ژن و مێردایەتی ڕاست و دروست: خوای گەورە دەفەرموویت:( وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ) { النساء: ١٢} واتە: بۆ ئێوە نیوەی ئەو ماڵە هەیە ژنەكانتان بەجێی دێڵن ئەگەر هاتوو ئەو ژنانە منداڵیان لێ بەجێ نەما ....

ج ـ دۆستایەتی نێوان كۆیلەو خاوەنەكەی: " عَنِ ابْنِ عُمَرَ أَنَّ النَّبِىَّ -صلى الله عليه وسلم- قَالَ : « الْوَلاَءُ لُحْمَةٌ كَلُحْمَةِ النَّسَبِ لاَ يُبَاعُ وَلاَ يُوهَبُ " { رواه ابن حبان (٤٩٥٠) والحاكم (٢٩٢/٤-٢٩٣) والبيهقي (٢٩٢/١٠) وهو حديث صحيح} واتە : عەبدوڵڵای كوری عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت ) دەڵێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: دۆستایەتیش تێكەڵاوی و خزمایەتی یە هەروەك خزمایەتی نەسەب نافرۆشرێت و نابەخشرێت .

**حەوتەم: بەربەست و ڕێگرەكانی میرات:**

ڕێگرەكانی میرات دەبنە هۆی میرات نەبردنی ئەو كەسەی ئەگەر یەكێك لەم هۆیانە نەبوایە میراتی لەمردووەكەی دەبرد، سیانن.

أ) كوشتن: ئەگەر میراتگر بەناڕەوا میرات لێگیراو بكوژێت میراتی لێ نابات، ئەمەش بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە : عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِىِّ -صلى الله عليه وسلم- قَالَ " الْقَاتِلُ لاَ يَرِثُ " { رواه الترمذي (٢١٩٢) وابن ماجه (٢٦٤٥) وهو حديث صحيح } ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت ) دەڵێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (بكوژ میرات نابات- لەكوژراوەكە-).

ب) جیاوازی ئایین: ئەگەر میراتگر لەگەڵ مردووەكەدا ئایینیان جیا بوو ئەو میراتی لێ نابات: ئەویش بەبەڵگەی : " عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ رضى الله عنهما أَنَّ النَّبِىَّ - صلى الله عليه وسلم - قَالَ « لاَ يَرِثُ الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ ، وَلاَ الْكَافِرُ الْمُسْلِمَ " { رواه البخاري (٦٧٦٤) ومسلم (١٢٣٣/١٦١٤) وابن ماجه (٢٧٢٩) } واتە : ئوسامەی كوری زەید (ڕەزای خوای لێ بآ) دەڵآ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (موسڵمان میرات لە كافر نابات، كافریش میرات لە موسڵمان نابات).

ج )كۆیلە: چونكە كۆیلە خۆی و هەرچی هەیە موڵكی خاوەنەكەیەتی ئەگەر میرات ببات لەخزمی لەوكاتەدا بۆ خاوەنەكەی دەبێت نەك بۆ خۆی لەبەرئەوە میرات نابات لەخزمەكانی هەتا كۆیلەبێت .

بەم شێوەیە هاتینە كۆتای بەشی یەكەم بە پشتیوانی خوای گەورە چاوەڕاونی بەشی دووەم بن .

وصلی الله وسلم علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه وسلم